- هیچ شتێک بە قەد شارە گەورەکانی ئێمە ساختە و درۆزن نییە، شارەکانی ئێرە رۆحێکی نییە زێندوویی‌یەتی بە مەردوومەکان ببەخشێت، دڵێک کە هەست بە ریتمی لێدانی بکەیت کە گەرمی بە ژیان ببەخشێت
- شارەکانی ئێمە زۆر غەمینن، مەردوومەکانیشی مۆن و ماتەمگێڕ، گەنجەکانی لە پیرە پڵنگەکان دەچن و کچەکانیشی لە پیرە پەپوولەی باڵ هەڵوەریو

## دەزگای پەروەردە دوای خێزان، کانگای کوشتنی خەیاڵ و بەهرە شاراوەکانی منداڵانە

هەژاریی رۆح خەسڵەتی سەرەکیی زۆرینەی خەڵکی ئێمەیە، رۆحێکی سست و غەمین و مۆن و تۆراو لە ژیان، بەرهەمی پەروەردەیەکە کە مەعریفەتێکی داماڵراو لە جوانی و رۆحپەروەری و شکۆمەندی بە نەوەکان دەبەخشێت. دروستکردنی مەردوومێک کە بێ بەهرەترە لەوەی خۆی جوان و پاک بپارێزێت و لە هەمان کاتدا بتوانێت ئەزموونی جوانی و خۆشەویستی لە تەک ئەوانی دیکە بگۆڕێتەوە، مرۆڤێک لەو کارگە کۆنانەی ئێمە بەرهەم دێن کە رووت کراونەتەوە لە هونەری زیندەگیکردن، مرۆڤێک کە نازانێت چۆن خۆی و دونیای دەوروبەری خۆی ئاوەدان بکاتەوە، پێناسەیەکی تازەی بۆ ژیان و عیشق و کار و مەرگ هەبێت. ئەگەر ژیان بە تەنها ئەو بەرخۆری و مشەخۆری و ملهوریيە بێت کە هەمووومانی سەرمەست کردووە، ئەوەیان ریککەوتنێکی سەراپاگیرە لەسەر چەشنێک لە خەسارگەری و مایەپووچی، ونکردنی هارمۆنیای ژیان خۆیەتی، وێکهاتنەوە و گرمۆڵەبوونە لەناو زیندانەکانی بوون، چوونەوە باریەکدییە لەناو قەفەزەکانی زیندەگی، داڕزانێکی هێواشە دەنێو تابووتەکان تا رادەی هەلاهەلابوون و کۆتاییەکەشی گۆڕانی ئێمەیە تا رادەی بوون بە تۆز و با.
هەژارییەکی کوشندەی بێ ئەزموونی ئێمەیە لە تەک یەکدیدا، کە لە ئاکامدا 'بێ بەهرە لە ژین لە تەک نامورادان.'
شارە گەورەکانی ئێمە، لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوین، وەک ژینگەیەکی زیندوو بۆ گۆڕینەوەی ئەزموونێکی مرۆڤپەروەرانە کورتی هێناوە، زۆرینەی شارەکانی ئەو دەڤەرە پتر دەچێتە ژێر خانە و ناوی ئۆردوگا یان جۆرێک لە قەرەباڵغی نەک ئاوەدانی بە مانا شارستانییەکەی، گردبوونەوە و خۆشاردنەوەیە لە مۆڵگەکاندا، بواری گۆڕینەوەی ئەزموونێکی ئینسانی کە هوشیاریمان دەوڵەمەند بکات زۆر کەمترە لەوەی کە خەونی پێوە دەبینین، ئەوەش سەیر نییە کە مرۆڤەکان نەتوانن لەو حەشارگە و زیندان و قەفەزانە بێنە دەرەوە کە لە منداڵییەوە بۆیان دروست کراون، ترسنۆکی و شەرمێکی ئەبەدی وای کردووە خۆمان لە گەمەی چاوشارکێدا بین لەگەڵ خۆمان و ئەوانی دیکە. فرۆید واتەنی نۆ لەسەر دەی هەقیقەتی ئێمە وەک شاخی شەختەبەندی ناو زەریا کەوتۆتە ژێر ئاوەکەوە، نە خۆمان دەتوانین ببینین نە ئەوانی دیکە، هێشتا فرۆید بۆ ئەو رۆژگارەی خۆی میهرەبان بووە، ئەوەی لێرە و هەنووکە هەیە دە لەسەر دەی کەسییەتیی ئێمە ژێر ئاو کەوتووە و خنکاوە.
هیچ شتێک بە قەد شارە گەورەکانی ئێمە ساختە و درۆزن نییە، شارەکانی ئێرە رۆحێکی نییە زێندوویی‌یەتی بە مەردوومەکان ببەخشێت، دڵێک کە هەست بە ریتمی لێدانی بکەیت کە گەرمی بە ژیان ببەخشێت، چاوێک کە ئەودیو بینراوەکان ببینێت، گوێیەک کە لە چرکەیەکدا هەزار و یەک ئاواز ببیستێت، ئەوەی کە لێرە و هەنووکە دەگوزەرێت پتر لە قاڕی بازاڕ دەچێت، لە کوچەی ئاسنگەران کە مەحاڵە کەس گوێی لە کەس بێت، لە پاساژی کۆنەفرۆشەکان کە بەر لە هەر شتێک کڕیارەکان و

فرۆشیارەکان بۆ خۆیان زۆر کۆن و پەڕپووتن، هەر یەکێک لە ئێمە رۆژانە بۆ دەمامکێکی تازە دەگەڕێت، بۆ جلوبەرگی لێبووکە گاڵتەبازەکان.
یان من ناتەواو و کاڵفامم یان هەر بە راستی هەقمە بڵێم کە شارەکانی ئێمە زۆر غەمینن، مەردوومەکانیشی مۆن و ماتەمگێڕ، گەنجەکانی  لە پیرە پڵنگەکان دەچن و کچەکانیشی لە پیرە پەپوولەی باڵ هەڵوەریو، راستە کە باخی پڕ لە درەخت و چیمەنپۆشمان هەن، بەس بێ ئەندازە پەژموردە و بێ عاشقن، هەتا جریوەی مەلەکانیش زۆر کزۆڵە و بێ ئاهەنگ دێتە بەر گوێ، لەوە سەیرتر و سەرنجراکێشتر ئەوەیە کە چۆلەکەکان و کۆترەکان و کوکوختی و هوزارەکان لە مرۆڤ تۆقیون، لە سەدەها باخ و پارکی وڵاتانی ئەودیو زەریاکانەوە باڵدارەکان لە مرۆڤ ناترسن، چۆلەکە و کۆترەکان و کوکوختی و باقی فڕندەکانی دیکە بەسەر لەپ و سەر و ملی باخنشینەکان دەنیشنەوە، هەتا فڕندەکانیش لە ئێمەی دڕندە و پرندە دەترسن.ئێمە هەر هەمووومان مایەی ترسین بۆ هاوتوخمی خۆمان و هەر هەموو گیاندارەکانی دیکەی سەر زەمین و ناو ئاو و بان سەرمان لە ئاسمان، سەرسوڕهێنەرە کە هەتا چۆلەکەکانیش گومان لە رەوشتمان دەکەن..بەدبەختیی مرۆڤ لەو ساتەوە دەستی پێکرد کە بە کەیفەوە بەسەر سروشتی کێویدا زاڵ بوو، هەموو شتێکیشی خستە ژێر رکێفی خۆی، ناوی لە خۆی نا سەردار و گەورەی سەر زەمین، ملهورانەش هەوا و ئاو و خاکی پیس کرد.
شارەکان بێجگە لە وێرانە خاک و کاولەئاش و بگرە گۆڕستان، هیچی دیکە نین، ئەو کاتەی وانەی یەکەمین خۆپەرستی بێت، وانەی دووەم بەدگومانی، وانەی سێیەمین کینەبازی، چوارەمیش ترسنۆکی و پێنجەمیش ملکەچی.
لەو شارە گەورانەدا پردی زۆر توند و تۆڵ دەبینین، وەلێ کەمترین پرد هەن بۆ ئەوەی دڵەکان بە یەکدی بگەیەنن، باڵەخانە هەوربڕ و باڵاکان هەن کە لە ژێریاندا کچان و کورانی غەمگین وانەکانی بە کۆیلەبوون دەخوێنن، گرگن و چکۆلە و لەرزەلێو و خەسێندراو فڕێ دەدرێنە ناو جەرگەی ژیانەوە..نەوەیەک و دوو و دە کە لە ماراسۆنێکی هەمیشەییدان لە تەک سێبەری خۆیاندا، دوا قۆناغی ماراسۆنەکەش گەیشتنە بە واهیمە و تراویلکە..!
لە جیهانێکدا کە دۆخە ئاساییەکە نامۆبوون بێت، زۆرینەی کردەکان و جووڵەکانی پەیوەست بە تاکە کەسەکانەوە وێرانکەر دەبن، چ وەک ئەزموونێک بۆ ئەو تاکە کەسە خۆی، چ وەک ئەزموونێک بۆ ئەویدیکە. لەژێر ناوونیشانی میکانیزمەکانی بەرگری: ' شیکاری دەروون' باس لە چەندین رێگا دەکات کە دەبنە سەرچاوەی نامۆبوونی مرۆڤـ لە خۆی کە وا مەزەندە دەکەم لیستەکە بۆ ئێمە درێژتریش بێت: چەپاندن و کوشتنی پێویستی و ئارەزووە مرۆییەکان، دان پێدانان و نکوڵیکردن و رەتکردنەوەی بەرامبەرەکەمان یان خۆگێلکردن لە تواناکانی یەکدی و فەرامۆشکردن و نەناسینەوە، کەرتکردنی کارەکتەری یەکدی تا ئاستی دروستکردنی مرۆڤێکی دەردەدار بە شیزۆفرینیا و هیستریا، بە جۆرێک هەر یەکێک لە ئێمە بۆ خۆی بووەتە سەد پارچە، ئەوە تەنها کوردستان نییە کە بۆ چەندین پارچە دابەش کراوە وەک جوگرافیای سیاسی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژگاری ستالین ــ ی دکتاتۆر کە کوردەکانی ناوچەی قەفقاسی بەسەر ( 9 ) کۆماری دیکەی سۆڤییەتی پەرت و دابەش کرد، ئەوە کوردگەل وەک خاک و خەڵکەکەی سێزدە یان چواردە پارچەیە، خودی ئەم لەتوکوتکردنە لە باری رامیارییەوە بۆتە مایەی شیزۆفرینیا و هیستریایەکی دەستەجەمعی و رۆحی هەر یەکێک لە ئێمەی داغان کردووە و چارەنووسی

هەمووانی بە جۆرێک لە درزبردن و قەڵشتن گەیاندووە، وەک رۆح و دەروون، هەڵزڕان و لێکترازانێکی هەمیشەیی کە مێژووی ئێمەی بریندار کردووە تا ئاستی گولبوون و تووشبوون بە تیراوەیەک کە هەرگیز و تا هەنووکە سارێژ نەبووە، لەوەش کوشندەتر ئەوەیە کە کولتووری هەزار ساڵەی عەرەبی و فارسی و تورکی بە هەموو ئەو ستەم و سڕینەوە و خەساندنە رۆحییەی کە سواری کولتووری ئێمە بووە و تا ئێستا نەوەستاوە لەو ئەتککردنە و شێواندنە بەردەوامەدا، کە ئێمە بە بەرنامە و پرۆگرام وەک وانەیەکی پیرۆز دەیخوێنین.

پڕوام وایە لە سەردەم و شوێنێکدا ئێمە گەوهەرێکمان هەبووە هەتا گەر وەک خاک و ئاو سادە و سروشتی بوویێت، بەڵام لەسەر ئاستی هەموو دونیا و دەر و دراوسێ، نەخشە و پلانێکی رەش و بەردەوام وای کردووە ئەو رابردووە تەڵاق بدەین و خوو بە گەوهەرێکی بە قەرز وەرگیراوەوە بگرین کە بێجگە لە کانگای نامۆبوون بۆ ئێمە، تا هانووکە هیچی دیکە نەبووە، مێژوویەکی زۆڵ و بیمار و ماڵێکی لێکترازاو و خەڵکێکی نامۆ بە خۆی و خاکەکەی.

لەسەر ئاستی پەروەردە و کۆمەڵایەتیش هیچ هەوڵێک نادۆزینەوە بۆ دۆزینەوەی هێز و وزە و بەهرە شاراوەکاني کچەکان و کوڕەکان، پێچەوانەکەی هەیە کە ئەویش گومانکردنە لە عەقڵی منداڵەکان، دەزگای پەروەردە دوای خێزان، کانگای کوشتنی هەموو جوانی و خەیاڵ و بەهرە شاراوەکانی منداڵانە، بەڵکوو لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە ئەو کاولکارییەی خێزان لەنێو رۆحی منداڵەکاندا دەیکات، قوتابخانەکانی ئێمە بە بەرنامەی تۆکمەوە دەیانکات بە بووکەسەماکەرە و تووتی و مەیوونی لاساییکەرەوە و ئامراز و ئامێر، مەکتەب یان قوتابخانە یەکەمین مەڵبەندی نامۆکردنی مرۆڤی ئێمەیە بە زات و رۆحی خۆی. یەکەمین شت کە پرۆگرامی خوێندن دەیکات بەرامبەر منداڵەکان، سووک سەیرکردنی عەقڵی کچەکان و کوڕەکانە، چی پۆخڵەوات و زبڵ و زارێک هەیە بە ناوی زانست و زانیاری و خۆناسین و دونیاناسینەوە هەیە دەیخەنە ناو مێشکیانەوە، یەکەمین مەرجەکانی فێربوون ئەوەیە کە بترسێن و شەرم بکەن و گوێکەڕێڵە بن، ئەوان لە چاوی پەروەردەکارانەوە نە بوونەوەرن و نە هاووڵاتی، بەڵکوو گۆشتێکی خاوی بێ رۆحن، ئەوان کە لە پۆلەکان روونیشتن نە ئازادن و نە ئارەزووەکانیان مایەی رێز و لەسەر وەستانە، مەعریفەتێکی ئێکسپایەر بەوپەڕی مۆنی و دڕدۆنگی و سزاوە پێشکەش بە قوتابیان دەکرێت کە پێشمەرجەکەی وایان لێدەکات بۆ هەتا هەتایە غەمگین و تووڕە و تۆراو بن لە خۆیان و دونیا، کە لە ئاکامدا بە نامۆبوون کۆتایی دێت: غوربەتێکی هەمیشەیی کە هەموو تەمەنمان بخوات. زانیاری و زانستێکە کە بە هیچ شێوەیەک نامانباتەوە ناو جەرگەی ژیان، کەمترین ئاستی رۆحپەروەریی تێدا نییە، پەروەردەیەکی سەرـ رێژ و سیخناخ بە پووکانەوەی رۆح و لەش، خەیاڵ مردوو، لە بری گەڕان بۆ سەرچاوەکانی خۆشی و بەختەوەریی سەرزەمینی، نەریتخواز و رۆح سیس و مەرگپەرست دەردەچین.

هەڵبەتە هەموو میکانیزمەکانی بەرگری لە خود لەسەر ئاستی رەوانی و رۆحی، لە بری بەرهەمهێنانی کەسێکی هوشیار و بەلەنگاز و سەرکێش و عاشق بە ژیان و یاخی دروست بکات، رێک ئەنجامی پێچەوانەمان پێدەبەخشێت کە لە کورتترین پێناسەدا بە ' خۆـ وێرانکردن' کۆتایی دێت کە رەگەکەی بۆ نامۆبوونێکی ئەبەدی دەگەڕێتەوە، دیارە واش دەردەکەوێت کە هەر یەکێک لە ئێمە بە خۆی نەزانێت کە بە بەرنامە خەریکی خۆکاولکردن و داڕزانێکی رۆحییە، لە وەها ژینگەیەکدا هەمووان تا

رادەی مەرگ غەمبار و ترسنۆک مۆن و تۆراون، بە جۆرێک کە هەموو وێرانکارییەک لە ناو رۆح و لەشی خۆیاندا بە سەروەری و پیرۆز دەزانن.
هەتا گەر یەکێک لە ئێمە بایی ئەوەندە هۆشمەندیش بێت و هێزی ئەوەی هەبێت لە قووڵایی رۆحی خۆی رابمێنێت و بزانێت کە سەرگەرمی هەوڵێک و رەنجێکی 'فەرهاد'انەیە بۆ تەقاندنەوەی کانی و سەرچاوەکانی هێز و جوانی و مرۆڤپەروەری، دیارە لەژێر ناوی پاراستنی بەها پیرۆزەکانەوە، جارێک بە ناوی خوداوە و جارێک بە ناوی خەڵک و خاک و نیشتمانەوە، هەتا گەر بێئاگا لە خۆی خەریکی گۆڕانکاری بێت بە ناوی گەشەکردن و پێگەیشتن و گەورەبوونەوە، کەچی لە دوا دەرئەنجامدا بەو کەرتبوون و پەرتبوون و لە خۆترازانە کۆتایی دێت کە بە شیزۆفرینیا و هیستریا ناوزەدمان کرد، هەر هەمووشی ناو دەنێین میکانیزمەکانی بەرگری، بەرگری لە چی و لە کێ و بۆچی و چۆن و کەی و لە کوێ؟
هەموو ئەم پرسیارانەی سەرەوە لەناو نامۆبوون و خۆکاولکردن کۆتاییان دێت، سەرباری ئەوەش کە زۆربەمان وەک پرسیارگەلی رەوا و راستەقینە وەریان ناگرین، بەو مانایەی مرۆڤەکە و پرسیارەکانی پێکەوە دەمرن.
ئێمە چین و چ دەکەین؟ لە کوێین؟ بۆ لێرەین؟ چۆن گەیشتینە ئێرە؟ بمێنین یان ڕۆین و بگوێزینەوە؟ ئاخۆ چاوروانی کێین و تا کەی چاوەڕوان بین؟ فریادرەسێک لە ئاسمانەوە دێت یان لە جوگرافیایەکی نادیارەوە؟ یان وەک ' گۆدۆ'ی ناو شانۆگەرییەکەی 'سەموێڵ بێکت' هەرگیز نایەت، پەردەی کۆتایی نمایيشەکە دادەرێتەوە و ئێمە چاوەڕێین و ' گۆدۆ' نایەت، بەدبەختی دوو گەداکەی ناو نمایشی 'لە چاوەڕوانی گۆدۆ 'دا لەوەدایە کە بۆ هەمیشە چاوەڕێن بە ئومێدی ئەوەی گۆدۆـ ی فریادرەس بگات و لەو بەدبەختییەی تێیکەوتوون رزگاریان بکات، بەڵام کارەساتەکە لە چاوەڕوانی کوشندەتر ئەوەیە کە نازانن گۆدۆ کێیە و چۆن قورتاریان دەکات. ئێمەش لێرە و هەنووکە لەو چەند گەدایە دەچین کە هەتا بایی ئەوەندەش بەختەوەر نین چێژ لە چاوەڕوانی ببینین..چاوەڕوانی هیچ...!